

## ریڤاڵدۆ:

# لە میلان شکستم نەهێنا و خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم لە بەرشلۆنە بوو

سەرسـام دەبـن بە پیری من و خۆشـحاڵ دەبـن بـە گەنجایەتی من ئەمە قسـەیە کە بە بەردەوامی ئەسـتێرەی پێشـووی بەرازیلی رۆماریـۆ کە تەمەنی (٤١) سـاڵی تێپەری کردبـووی هەر بـەردەوام بوو لـە یاریکردن، ریڤاڵـدۆش یاریزانێکی لێهاتـووی دارەکانی سامبایە توانی بە تەکنیك و تەکتیکی بەرزی خۆشەویستانی لە ئیسپانیا و ئیتاڵیا و بەرازیل دڵخۆش بکات، خەڵکانێك چاوەڕوان بوو کە ئەو رۆژە ئاوابـوو چی دیکە ناگەڕێتەوە، بەڵام لە ناکاو بۆندێکی بەها گەیشتە ریڤاڵدۆی تەمەن (٣٧) ساڵی ئەویش لەگەڵ یانەی بۆنیۆدکوری ئۆزباکی بوو ئەمەش ئەوەی سـەلماند کە ئەو یاریزانە تەمەن گەورەیـی نازانێ، ریڤاڵدۆ لە سـەرەتای ژیانی وەرزشـی و تا ئێستا گشت نیشانەکانی سەرکەوتووی لێ بەدی دەکرێ و خاوەن بەهرەیەکی زۆر باشـە لە لێدانی تۆپی بەهێـز بۆ گۆڵـی رکابەرەکانی بـە تایبەتی قاچی چەپی کە پسپۆڕان بە ترسناکترین قاچ ناوزەندی دەکەن و دەڵێن وەکو شـوێنێکی (٥) ئەستێرەیە، ساڵی ١٩٩٨ رۆژێکی رەش بوو لە ژیانی وەرزشـی کە بەرامبەر فەرەنسا دۆڕان، بەڵام سـاڵی (٢٠٠٢) توانیان ئەو پەلە رەشە لابـەن و مۆندیالی کۆریای باشـوور و ژاپۆن ببەنەوە سەرەڕای کە تەمەنی گەیشتۆتە (٣٧) ساڵ ئەم یاریزانە بڕیاریدا لە ڕێڕەوەکەم بەردەوام بێـت و خولی ئۆزباکی هەڵبـژارد ئێمە لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە و تازەترین هەواڵ لەسەر ژیانی ئەو ئەستێرەیە بە باشمانزانی لە گۆڤاری گولان بلاوی بکەینەوە.



*** ئـەو نهێنیـە چـی بوو کـە یانەی بۆنیۆدکۆری ئۆزباکیت هەڵبژارد و سەرەڕای ئەوەی یانەی ئایکـی یۆنانی پاپەند بوو بە مانەوەت؟**

- ڕەزامەندیم لەسـەر بۆنـدی ئۆزباکی تەنیـا بۆ پارە نەبوو، بـەڵام حەزم دەکرد کە تاقیکردنەوەیەکی دیکە ئەنجام بدەم جیاواز بێ لە ئەوروپا و ئەمەریکا و نکۆڵی لەوەش ناکەم کە بڕی بۆندەکە زۆرە.

*** دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەڵێن بۆ ماوەی (٣) سـاڵ (١٢) ملیۆن یـۆرۆ وەردەگری مانـای ئەوەیە (٤) ملیۆن یـۆرۆ بۆ هەر ساڵێك؟**

- نامـەوێ بچمە ناوەڕۆکـی بۆندەکە و بەڕاشکاوی دەڵێم بۆندی یانەی ئۆزبەکی زۆر لە بۆندەکانی ژاپۆنی و کەنداو و ئوسـتراڵی زیاترە.

*** پێش چەند ساڵێك سـەردانی قەتەرت کرد، بـەڵام وتووێژەکان هیچ ئەنجامی نەبوو دواتر لە ناکاو ڕووت لە یۆنان کرد، هۆکارەکەی چی بوو؟**

- ئەو بۆندەی قەتەریەکان پێشکەشیان کردم وەکو پێویسـت نەبوو و بۆنـدی یۆنان چەند هەنگاوێنگ لەوان باشتر بوو.

*** دەتـەوێ چی بۆ ئەو یانەیە بکەی کە تەمەنی لە (٥) ساڵی تێپەڕ نەبوو؟**

- هەنگاوی یەکەم و کۆتاییم بە دەستهێنانی نازناوی جامی یانەکانی ئاسـیایە و خولی ناوەخۆیە.

*** ئایا بەخێرایی لـە کەش و هەوای ئەو وڵاتە ڕاهاتیت؟**

- ژیان لێرە زۆر خۆش و جوانە سـەرەڕای هـەژاری پەیوەندییەکی زۆر بـاش لە نێوان هاوڵاتیان بـەدی دەکرێ خەڵکەکە شـێتی تۆپـی پێـن و هاتنم بۆ ئەو یانەیـە وابزانم جەماوەری لە زیادبووندایە و بۆم دەرکەوت کە زۆر خۆشەویستی جەماوەرم.

*** پەیوەندیـت لەگەڵ ملیادێر ئیسـحاق ئیکبارۆف کە خاوەنی یانەکەیە چۆنە؟**

- پەیوەندییەکـی زۆر باشـە ئەویـش لەسـەر ڕێزگرتنە هەروەکو پەیوەندیم لەگەڵ ملیاردێری ئیتاڵی بیرلسکۆنی هەبوو.

*** هەست بەوە ناکەیت لەبەرچاو وون بوویت چونکە لە یانەیەکی نەناسراو یاری دەکەیت؟**

- بەڕاسـتی من گەیشتوومە ڕادەیەك لەو شـتانە تێربوویمە، دوای بەڕازیل خۆشـترین کاتم لـە ئەوروپا بردە سـەر، ئەمڕۆ بیر لە هیچ شتێك ناکەمەوە تەنیا بەرگری کردن لە یانەکەم و پارێزگاری لە ئاڵاکەی دەکەم.

*** ئایا دەتوانی زیاتر پێشـکەش بەو یانە بکەیت؟**

- ڕاسـتە خولـی ئۆزبەکـی هەروەکـو خولەکانی ئەوروپا تام و چێژ و بەهێزی نییە کە ئەمەش دەبێتە یارمەتی دەرێك بۆ ئەوەی بتوانم توانای خۆم بە باشـی پێشکەش بکەم و توانای جەسـتەم و تەکنیکی خۆم بخەمە گەڕ.

*** چوونت بۆ هەڵبژاردەی سـامبا ساڵی (١٩٩٣)، بەڵام زۆری پێچوو کە ئاسـتت بە دیـار کەوت ئەویش لە سـاڵی (١٩٩٨) بوو هۆکارەکەی چی بوو؟**

- ڕاستە ئاسـتم درەنگ بە دیارکەوت و سـاڵی (١٩٩٧) بە بیری خۆم من بـە تەواوی بـە دیارکەوتم و دواتر متمانەم گەڕایەوە ساڵی (١٩٩٨) کە ڕۆژی ڕەش بوو لە ژیانم.

*** سـاڵی ١٩٩٩ ساڵی هەموو نازناوەکان بوو لە ژیانـت لەوانە نازناوی تۆپی زێڕ و خەڵاتی باشترین یاریزان لە جیهان و چەند نازناوی دیکە،بە ڕای تۆ هۆی چی بوو؟**

- هیـچ هۆیەکی سـەرەکی نەبوو توانیم باری دەروونم و توانای لەشم ئاستی هونەریم بگەڕێنمەوە دۆخی جاران.

*** پێش ئەوەی باسـی دەسـتکەوتەکانت بکەیـن لە بەرشـلۆنە حەز دەکەیـن بزانین هۆیشکسـتەکانی لەگەڵ لە ئیتاڵیا لەگەڵ میلان چی بوو؟**

- وای بـۆ ناچم تاقیکردنـەوەم لەگەڵ میلان شکست بووبێ بە پێچەوانەوەی لەگەڵ ڕۆژنێری خولی یانەکانـی ئەوروپا و جامی ئیتاڵیامان بردەوە ڕاسـتە من تەنیا دوو وەرز یاریـم کرد لەمیلان و مـن وای بۆ دەچووم کە پێویستیم بە تاقیکردنەوەیەکی دیکە هەیە ئەویـش یۆنان بوو و لەگەڵ یانەکانی ئایك و ئۆلۆمپیاکۆس ئاستێکی بەرزم نیشاندا کە دوو یانەی بەهێز بوون.

*** یانەی دیفۆرتیڤـۆ لاکەڕۆنیا پێگەی یەکەمت بوو سـەرەڕای ئاسـت بەرزیت لەو یانەیە بڕیارتدا جێیان بهێڵێت؟**

- بڕوا ناکـەم هیچ یاریزانێك بۆندێکی لە یانەی بەرشـلۆنە بۆ بێت ڕەتی بکاتەوە، من دەڵێم یانەی کەتالۆنـی گەورەترین یانەیە لە جیهان، چوونم بۆ بەرشلۆنە بە هەموو پێوەرێك خۆشترین سـاتی ژیانی وەرزشیم بوو و ئەو ڕۆژە خۆشـەش لەبیر ناکەم کـە لەو وەرزی بـۆ لاکەڕۆنیا یارییم کرد (٢١) گۆڵم تۆمار کرد.

*** توانیت شـوێنی ڕۆناڵدۆ لە بەرشلۆنە بگرییتەوە؟**

- ئاسان نییە کە بتوانم شوێنی ئەستێرەیەکی وەکو ڕۆناڵدۆ بگرمەوە، بەڵام لەو کاتە توانیم بۆشاییەکی گەورە پڕبکەمەوە.

*** چـۆن وەڵامـی دوژمنکاری جەماوەری ڕیـال مەدریـت لـە یاریـگای برنابیـۆ دەداوە؟**



- زۆر ئـــازاری منیان دەدا بەداخەوە بەبێ جیاوازی جەماوەری وەرزشـــی لە ئیســـپانیا ئەمە پیشەیانە لەبیرمە لویس فیگۆ لە هەمان پەرداخ ئەم تاموچێـــژە خەراپەی خواردووە و رۆنالدۆش لەو ئاگرە بێبەش نەبوو، بەراستی من ئەم هەڵســـوکەوتەی جەماوەری وەرزشی ریـــال لەبیر ناکەم و نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە گۆڵی کوشندەم لێیان تۆمارکردووە.

*** مانای ئەوەیە ســـاڵی ١٩٩٩ خۆشترین ساتە لە ژیانت؟**

- ئەو ســـاڵە هەردەم لە گوێچکەم زەنگی خۆی هەیە چونکە دوای شکستی مۆندیالی ١٩٩٨ هات و سەرکەوتنی گەورەم (٣٠) گۆڵم بۆ بەرشلۆنە تۆمار کرد و نازناوی ئەمسالَمان بردەوە و پاشـــان نازناوی تۆپی زێرم وەرگرت کە ســـالانە گۆڤاری فرانس فوتبۆل سازی دەدا و لە هەمـــووی گرنگتر لە لایەن فیفاوە بە باشترین یاریزانی جیهانی دەست نیشانکرام بـــۆ وەرزی دواتر کە پاڵەپەســـتۆیەکی زۆرم لەســـەر بوو تەنیا (١٢) گۆڵم بۆ بەرشلۆنە تۆمار کرد و ساڵی (٢٠٠١) ئاستم جارێکی دیکە گەڕایەوە دۆخی جاران و بە یەکســـانی لەگەڵ رائوول گۆنزالێس نازناوی گۆڵکارمان وەرگرت کە رێزێکی تایبەتی لای من هەبوو و پەیوەندیشمان زۆر باش بوو.




*** چوونت بۆ یانەی کەتالۆنی بۆندەکەت لەســـەر (٢٤) ملیۆن دۆلار وەســـتا، ئایا تۆ شایستەی ئەو برە پارەیە بوویت؟**

- نامـــەوێ بڕیار لەســـەر خۆم بدەم، بەس بەرای خۆم پارەیەکـــی باش بوو، بەڵام دواتر بۆندی یاریزانان خەیاڵی بەرزبۆوە.

*** چۆن لەگەڵ ئەو ســـاتە ژیایت کە لە هەژاری چوویتە ژیانێکی دەوڵەمەندی؟**

- بـــە تەنیا مـــن نەبووم، بەڵکو گشـــت ئەســـتێرەکانی بەرازیلی هەژار بـــوون دواتر دەوڵەمەند بوون ئەویـــش بەهۆی ناوبانگ و کەسایەتیان لە بواری وەرزش، من سوودم لەو دەوڵەمەندییە وەرگرت چونکە من بە مێشـــک بیر دەکەمەوە چونکـــە جار وایە دەوڵەمەندی شـــێتت دەکات و دەمـــەوێ ئـــەو داهاتەم لە کاتێکی باش ســـەرف بکەم و هیچ کاتێکیش هەژاریم لەبیر نەکردەوە بەشێکی زۆر لە داهاتم بۆ کاری خێرخوازی سەرف دەکەم.



*** چی دەڵێت کە دەبینێت گشت یاریزانانی بەرازیلی بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچ دەکەن؟**

- دیاردەیەکی ئاسایی و تەندروستیە لەیەك کاتدا گەر هاتوو رۆماریۆ و رۆناڵدۆ و ریڤاڵدۆ کۆچیـــان نەکردبایە و یارییان لـــە دەرەوەی بەرازیـــل نەکردبایە یاریزانـــان رۆناڵدینهۆ و رۆبینهـــۆ و کاکا و باتۆش بەدیار نەدەکەوتن و تۆپی پێـــی بەرازیلی بە بەردەوامی دەبێتە پێگەی پێگەیاندنی ئەستێرەکان.

*** کێن باشـــترین ئەستێرەکانی تۆپی پێی بەرازیلی ئێستا و پێشتر؟**

- بیلیی شای یاریزانان و زیکۆ و سوقرات ئێســـتاش رۆناڵدینهۆ و کاکا دروستکەردنی یاریزانان قەت دەرگای داناخرێ.

*** دەکـــرێ بزانیـــن کاتـــی وازهێنانـــت دیاریکردووە؟**

- نەخێر پاشی دوو ساڵی دیکە.

*** مانای ئەوەیە کۆتایی ژیانی یاریزانیت لە وڵاتی ئۆزباکستان دەبێت؟**

- وای بۆ دەچم کە دوا ســـاتەکانم لەگەڵ یانەی بۆنیۆدکـــور دەبێ هەوڵ دەدەم بە پێی پێویست دەستکەوتی بۆ بە دەست بهێنم.

**ریڤاڵدۆ کێیە**

**ناو: ریڤاڵدۆ فیتۆر بوربا فیریرا**

**رۆژی لـــە دایك بوون: ١٩ی ئەبریل ١٩٧٢**

**شوێنی لە دایکبوون: باولیستا**

**درێژی: ١٨٧سم**

**ریڤاڵدۆ لە یانەکانی ســـانتا کرۆز و موجی میریم و کۆرینتیاز و پاڵمیراس و دیڤەرتۆپۆلاکەرۆنیا و بەرشلۆنە و ئەی سی میلان و کرۆزێرۆ و ئۆلۆمپیاکۆس و ئەیك ئەسینا و بۆنیۆدکۆری ئۆزبەکی یاری کـــردووە، لەگـــەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل لـــە ســـاڵی (١٩٩٣-٢٠٠٣) بـــەردەوام بوو و نزیکـــەی (٧٤) یاری نێودەوڵەتـــی کـــردووە و (٣٤) گۆڵی تۆمار کردووە.**



## عیماد قادر ڕاهێنەری یانەی سەوورە

# هێنانی یاریزانی عەرەب سووری نییە چونکە مافی یاریزانە کوردەکان دەخۆن



**یەکێک لە ڕاهێنەرە بە تواناکانی شاری کەرکووکە لە دایک بووی (١٩٦٥)ە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم کارگێڕییە ماوەی چەند ساڵێک یاری بۆ یانەکانی کەرکووک و سەوورە کردووە بۆ ماوەی چوار ساڵ ڕاهێنەری یانەی کەرکوو بووە، ئێستاش ڕاهێنەری یانەی سەوورەیە، ئێمەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبکەین.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی ئەم ساڵی خولی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- زۆر زۆر بەهێزە لەم خولە زۆر لە یەکتری نزیکن ئەویش بەوە دەسەلمێنم کە یانەکان جیاوازی خاڵیان لە یەکتری نزیکە.

*** ئاستی ئەم ساڵی یانەی سەوورە چۆن دەبینی؟**

- ئەم ساڵ یەکەم ساڵە کەوا لە خولی نایابەکانی کوردستان یاری دەکەین و یانەکەشمان زۆربەی یاریزانەکانمان گەنجن ئێمە ئاستمان باشە کێشەمان نییە.

*** بەرای تۆ ئەنجامتان چۆن دەبێت بۆ ئەم وەرزە کە چەند یارییەک ماوە کۆتایی پێ دێت؟**

- رەنگە لە پلەکانی چوارەم یان پێنجەم بمێنینەوە.

*** بەشداری یارییەکانی خولی عێراق دەکەن؟**

- پەنا بە خوا بەشداری دەکەین پار ساڵیش ئاستمان زۆر باش بوو ئەم ساڵیش بەدڵنیایەوە سەر دەکەوین بۆ خولی پلە نایابەکانی عێراق.

*** بۆ بەشداری کردنتان لە خولی پلە یەکەکانی عێراق هیچ یاریزانێک لە دەرەوە دەهێنن؟**

- نەخێر، چونکە داهاتمان باش نییە، یاریزان هێنان پارەی دەوێ ئێمەش پارەی یاریزانەکانی خۆمان نییە، ئینجا یاریزان لە دەرەوە بهێنین.

*** ڕاستە ئێوە لە ململانێ دان لەگەڵ یانەی کەرکووک؟**

- بەڵێ، ئێمە دوو جار لە یانەی کەرکووکمان بردۆتەوە و هەموو یاریزانەکانمان گەنجن.

*** کێ هاوکاریتان دەکات؟**

- ئێمە هەندێک دوکانمان هەیە و یەکێتی تۆپی پێ کوردستانیش هاوکاریمان دەکات.

*** رات چییە بەرامبەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان؟**

- کاری باشیان کردووە بە تایبەتی کردنەوەی خولی لاوان و تازەپێگەیشتووان من پێشبینی دەکەم دوای پێنج ساڵی دیکە یانەکانی کوردستان یاریزانی عەرەب ناهێنن.

*** خولی کوردستان بەهێزە یان خولی عێراق؟**

- خولی کوردستان بەهێزترە، چونکە یانەکان ئاستیان لە یەکتری نزیکە.

*** هێنانی یاریزانی عەرەب بۆ یانەکانی کوردستان بەرای تۆ کارێکی باشە یان خراپە؟**

- کارێکی زۆر خراپە ئەوەی دێت یاریت بۆ دەکات، جێگای یاریزانە کوردەکان دەگرن یانەی هەولێر کۆمەڵێک یاریزانی عەرەبی هێنایە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقن لەم پاڵەوانیەتیەی دەرەوە یاری دەکەن ئەنجامیشیان باش نییە، بەرای من یانەی بروسک بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئاسیا بکردبایە ئەنجامی لە یانەی هەولێر باشتر دەبوو.

*** ئاستی ناوبژیوانان چۆن دەبینی لە خولی کوردستان؟**

- هەموو کەس هەڵە دەکات، بەڵام ئاستیان باشە هیچ هەڵەیەکی وایان نەکردووە ئەنجامی یارییەکان بگۆڕێت.

*** هیچ یانەیەک داوای لێ کردی بۆ وەرگرتنی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی؟**

- بەڵێ، پارساڵ و ئەمساڵیش چەندین یانە داوای لێ کردووم، بەڵام ئەمساڵ تەواو بێت ئینجا قسەیەکی لێ دەکەین جاری زووە.

*** بۆ چی یانەی کەرکووکت جێهێشت؟**

- بەهۆی کێشەی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکووکم جێهێشت ئەوان بە شێوەیەک کار دەکەن من بەم جۆرە کار ناکەم.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

- با خولی کوردستان تەواو بێت چەند یانەیەک داوایان لێ کردووم بۆ ئەرکی ڕاهێنەرایەتی.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە وەرزشکارانی کوردستان بەبێ جیاوازی بەسەر دەکاتەوە و هیوادارم بەردەوام بن لە کارە جوانەکانتان.